# کوردی مەرزەبان !
# شۆڕشگێڕی مەرزەبان !

لە دیدارە بچکۆلەکان، لە کۆبوونەوە گیشتییەکان، لە وتووێژە رادیۆییەکان رووناکبیرەکانمان وەک گلەیی ئاماژە بەو رستەی خوارەوە ئەکەن:
**(کاتیک رابەرانی ئێران و رووناکبیرانی ئێرانی باسی کورد ئەکەن، ئەڵێن: کردها مرزبانی غیور هستنند .)**

**بزەی دوژمن**

**ئەشکی خواکان دوو رەنگە یەکێ جەنگ و یەک نیرەنگە**
**ئێمە بە جەنگ نەدۆڕاوین هەر بە نیرەنگ فەوتاوین!**

با لەو گلەییە و لەو رستەی (**کردها مرزبانی غیوری هستنند**) بکۆڵینەوە
ئەگەر وەک داگیرکەری کوردستان لە دەوڵەتی ئێران - لە رابەرانی ئێران و حیزب و رێکخراوەی ئێرانی .... ئێرانییەکان بڕوانین، داگیرکەر دوژمنە! دوژمن بۆ گلەیی نابێ! دوژمن بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی، واتە لە ناوبردنی لایەنی رووبەرووی هەمە چەشنە چەکێک بەکار ئەبات. کاریگەرترین و کوشەندەترین و کەم خەرجترین چەک، چەکی فریوکارییە!

لەو رستەدا وشەی **غیور** واتە **ئازا** و **نەترس** بۆ کورد بەکار براوە. ئەوانەی کە بەو شێوە سەبارەت بە کورد ئەدوێن، ئەیانەوێ بەو وشە لە کارنامەی داگیرکەری ئێران و ژێردەستەیی کورد و داگیرکراوی کوردستان دا بە جۆرێکی وەها چەواشەکاری بکەن کە کورد بە ژێردەستە و کوردستان بە داگیرکراو پێناسە نەکرێ، بەڵکو کوردستان بە بەشێکی گرنگی ئێرانە بێتە ئاراوە، هەروەها کوردیش نەک ئێرانییەکی سادە نییە، بەڵکو ئێرانییەکی وەهایە کە ئامادەیە لە پێناو یەکپارچەی ئێران و بەرژەوەندی ئێران لە هەر چەشنە جەنگێکدا بەشداری بکات.

**کوردی مەرزەبان !**

ژیاننامەی کورد و مێژووی ئەو بەشەی کوردستان کە لێرەدا مەبەستە، بریتییە لە ژێردەستەیی و تێکۆشکان بۆ دەرباز بوون لە ژێردەستەیی. کارنامەی تێکڕای دەوڵەتەکانی پێشووی و ئێستای ئێرانیش بریتیە لە بەکاربردنی هەمە چەشنە چەکی راستەقینە و زەبروزنگ بۆ سەرکوتی کورد و داگیرکردنی کوردستان، هەروەها لە کاتی پێویستدا پیر و جوانی کوردی بۆ بەرەکانی جەنگ بەزۆرەملی رەوانە کردووە، بە زۆرەملی ئەوانی چەکدار کردووە. بۆ نموونە: جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراق و.... . لە بەرانبەر زۆری زۆرداراندا خەڵک بێتاوانە! لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەتی ئێران گەلێ جار درۆ و نیرەنگی لەگەڵ کردووە، بەڵام کورد بە وشەکانی **غیور** و **رشیدیش** فریوی نەخواردوە و **مەزەبانیش** نەبووە!
ئەگەر لە فەرهەنگی راستەقینەی خەڵک ورد بینەوە، بۆ وشەی سەربازی **ئیجباری،** هەروەها بۆ ناوی ئێران و ئێراق وشەی **ئەم دیو و ئەو دیو** بەکار ئەبرێ. کەم شاعیری کورد هەیە کە لە هۆنراوەکانیدا باسی سنووری دەسکردی نەکردبێ.

**شۆڕشگێڕی مەرزەبان !**

ئەگەر چاوێک بە مێژووی گەلە ژێردەستە و نیشمان داگیرکراوەکاندا بگێڕین، خەبات و تێکۆشانیان لەگەڵ ئەوەدا زۆرجار تووشی گیروگرفتی سیاسی ناوخۆ و پیلانی داگیرکەرەکانیان بووە، بەڵام ژیانی راستەقینەی ئەو رۆژانەی کە لە ژێر سیستمی داگیرکریدا ژیاون فەرامۆش نەکردووە، هەروەها کارنامەی دوژمنەکەیان بەکەم نەزانیوە! لە پێناو وەلانانی ئەو بارودۆخە دژوارەی کە دەوری گردوون زۆر هۆشیارانە و لەسەر رێبازی **بڕوا بە خۆیی** تێکۆشاون!

له سیستمی پێشووی پادشایی ئێران بەگشتی و دەورانی پەهلەوییەکان بەتایبەتی سیاسەتی تواندنەوەی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تورک- تورکەمەن- عەرەب- بلوچ- ئەرمەنی- گیلەک و کورد لە ناوی سیستمی فارسیزمدا بەرێوە براوە. زمانی فارسی و ئەدەبیاتی فارسی وەک زمان و ئەدەبیات ئێران، هەروەها شاعیر و نووسەرانی فارسیش بە شاعیر و نووسەرانی ئێران دەسنیشان ئەکرا.
ئەم سیاسەتە لە دەورانی پەهلەوییەکانەوە لە قوتابخانەکاندا بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو بەرێوە ئەبرێ، هەروەها هاتووچووی خەڵکی کوردستان بۆ شارەکانی تاران – شیراز.... گەلێ کریگەری بووە. دەسکەوتی ئەم دەورانە بووە هۆی لاوازی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و کەسایەتی کورد لە بواری هەستی **بڕوا بەخۆ بوون** لە ناو تاکەکانی کورد بەگشتی و رووناکبیران بەتایبەتی.
ئەگەر سیستمی پادشایی و سیستمی پەروەردەیی فارسیزم لەوە زیاتر بەردەوام ببوایەت، خەڵکی نەتەوە ژێردەستەکان بەرەو ئەوە ئەچوون بەچاوی سوک و بێبەهاوە تماشای زمان و ئەدەبیاتی خۆیان بکەن و لە شار و گوندەکانی خۆیاندا بە فارسی بدوێن.

**هەستی بڕوا بەخۆ نەبوون**

جێگەی داخە کاردانەوەی فارسیزم لە هەموو بوارەکان بەگشتی و بواری بڕوا بەخۆ نەبوون لەناو رووناکبیرانی سیاسی کورد بەگشتی و ئەوانەی خۆیان بە چەپ ئەزانن بەتایبەتی زۆر کاریگەر بووە!
با بۆ روونبوونەوەی ئەم باسە بگەرێینەوە سەر باسی شۆرشگێری مەرزەبان. پاش رمانی سیستمی پادشاهی و بنیادنانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێران، چالاکی سیاسی نەک گەشەی نەکرد، بەڵکو مەیدانی ئازادی سیاسی بەتەواوی بەرتەسک کرا. لەم دەورانەدا حیزب و رێکخراوە ئێرانییەکان بۆ نموونە:
**سازمان چریک فیدای خلق ایران – سازمان کارگران انقلابی ایران، راه کارگر– پیکار – رزمندگان – توفان – سازمان مجاهدین خلق ایران– سهند** و .... کە لەو پەری پرشوبڵای و بێدەسەڵاتیدا بوون، روویانکردە کوردستان. جگە لە (مجاهدین) ئەوانی دیکە هێزێکی وەها نەبوون کە خواردنی هەفتانەی خۆیان بە نۆبە ساز کەن.
رووناکبیر و سیاسییەکانی کورد کەوتنە خۆ، لە دەوریان کۆبوونەوە رێکخراوەی کوردستانی **مجاهیدین – چریک فیدای – راه کارگر یان** بۆ ساز کردن. رووناکبیر و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران بەوەش رازی نەبوون، بەڵکو **حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یان لە پێناو یەکپارچەیی کرێکارانی ئێران دا دروستکرد، بۆ هەمان مەبەست کۆمەڵە کە هێزێکی بەرچاو بوو لە کوردستان دا، کرا بە رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، رادیۆی دەنگی شۆرشی ئێران و رادیۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یان دامەزران و پاشان گوردانی سەرسنوور و کۆمیتە ناوچەی سەرسنووریش** پێکهێنرا.

پلانی دروستکردنی رێکخراوەی کوردستانی (چریک فیدای خەڵکی ئێران) – کارگەران ئێنقلابی ئێران – مجاهدین خەڵکی ئێران - حیزبی کۆمۆنیست ایران - رادیۆی دەنگی شۆرشی ئێران – رادیۆی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - گوردانی سەرسنوور و کۆمیتە ناوچەی سەرسنووری بە زۆری دەوڵەتی ئێران و رابەرانی ئێران و " رووناکبیرانی ئێرانی" ئەنجام نەدراوە، بەڵکو ئەوە پلانی هەندێ شۆرشگێری کورد خۆیەتی! ئەو کارانە جگە لە بایخدان بە **ئێران** ئەبێ چی بێت؟ ئایا ئەوە **مەرزەبانیکردن** نییە؟

لێرەدا بەجێیە یادێ لەو پەندە جوانە بکەین: **شوان، شوانی بە نەنگ نازانێ، بەڵام نانچنینەوەکەی پێنەنگە!**

**تێبینی:** سیاسەتی پەروەردەی فارسیزم و توانەوەی نەتەوە ژێر دەستەکان لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانەوە هەر وەک زەمانی پادشاهی بەرێوە ئەبرێ!

سەعی سەقزی qayshi@yahoo.com
2008/12/29